## دۆڕانی فەتح هاوارێک بۆ گۆڕان. . . . عەلی کەریم

دوایی سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکەی بزوتنەوەی حەماس و دۆڕانی مێژوویی بزوتنەوەی فەتح لە هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینیدا، کەوتنە بەردەم ڕووداوێکی نوێوە، کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك هاوکێشەی سیاسی نوێ، یاخود نوێکراوە لەسەر ئاستی ناوخۆی فەلەستین و ناوچەکەو جیهان.

ئەم واقیعە نوێیە هەم بەردەوامێتی دانە بە هەندێ دیاردەی جیهانی نوێ وهەم لێکپچڕاندنی کۆمەڵێ پرس و هاوکێشەی دێرینە لە هەمان کاتدا.

ئەم سەرکەوتنەی (حەماس) درێژبوونەوەی سەرکەوتنە مێژووییە سپی و دیموکراتییەکانی ڕابوونی ئیسلامییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەك دەبینین کە پارتە ئیسلامییە میانەڕەوکان ڕەوت بەرەو گرتنە دەستی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەکەن، هەروەك لە تورکیاوە بۆ میسر، دواتر بۆ عێراق و ئەم جارەش بۆ فەلەستین، کە ئەمەش گوزارشتە لەو ڕاستییەی کە دوای ئەزموونکردنی هەموو تێزو تەرزە جۆراو جۆرەکان گەلانی ئەم ناوچەیە هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە تاکە هێزێك جێگای ئومێدو ڕیفۆرم ببێت ئیسلامی میانەڕەوە، ، واتە ئیسلامییەکان ئەمڕۆکە پێشەنگایەتی پرۆسەی ئازادی دەکەن لە کۆمەڵگاکانیانداو ئەو پرۆژە نیشتمانییە ناکامڵ و لاسەنگە تەواو دەکەن کە (ڕزگاری) ی بێ (ئازادی) یە. ، واتە ئەگەر پارتە عەلمانییەکان لە ڕابردوودا ڕابەرایەتی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانییان کردبێت، بەڵام دواجار ئەم ڕابەرایەتیکردنە بەرچاوی گرتبێت و نەیانتوانیبێ ئازادی بکەنە ڕووی دووەمی ئەم ڕزگارییە، بەڵکو خۆیان بوونە جەلاد بەسەر گەلەکانیانەوە بە ناوی شەرعیەتی مێژوویی و شەرعییەتی شۆڕشگێرایەتییەوە لەبری شەرعییەتی دیموکراسی مۆدێرن ئەو کۆمەڵە ڕژێمەکانیان دروست کردبێت کە تا سەر ئێسقان مەرگپەرست و چەوسێنەر بوون.

ئەوا ئیسلامییە مانەڕەوە سەردەمییەکان بە شێوەیەکی شارستانییانەو دوور لە توندوتیژی خەریکە ئاشبەتاڵ بەو سیستەمە دواخەرو گەندەڵکارانە دەکەن و، شەرعییەتی دەسەڵات دەگێڕنەوە بۆ ئیرادەی خەڵك و ئازادی دەکەنە ڕشووی دووەمی ڕزگاری.

ئەوەی لە فەلەستین ڕوویدا، دەکرێت بەرەنجامی ئەو تێزە بێت و دەشکرێت کەڵەکە کردنێکی زیاتری بەدبەختییەکان بێت بۆ فەلەستینیەکان.

ئەو هەنگاوە بێوێنانەی کەلە تورکیا هەڵگیراوە (لەگەڵ سەرنجی زۆرم) ئەو سیستەمە مۆدێرنەی کە ڕۆحێکی ئیسلامی بونیادی دەنێ کە بۆ نموونە تەنها لە ماوەی دووساڵدا بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان نزیکەی (70) ملیار دۆلار بۆ بودجەی دەوڵەت دەگێڕێتەوە، وەرچەرخانێکی ژیاریی گەورەیە لە ناوچەکەدا، کە ئەم سەرکەوتنە بۆ خۆی ئاشبەتاڵکردن بوو بەو هێزە تەقلیدی و گەندەڵکارانەی کە بەناونیشانی جۆراوجۆر مێژوویەکی درێژە گۆڕەپانێك قۆرخ دەکات، کە دەکرێت کەماڵی بەختەوەرکردنی مرۆڤ بێت کە ئەویش دەسەڵاتە.

زانیارییەکان دەڵێن دەسەڵاتی فەتح سیما دیارەکانی گەندەڵی و دووبەرەکی ناوخۆیی (نەك جیاوازی بیرورا) و دارمانی باری ئابووری و داڕوخانی ڕەوشی ئەمنی و گرەوکردن لەسەر کارتەکانی دەرەوە بوو، بۆیە تووشی پووکانەوە هات، لە بەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆنی

لاوانی حەماس سیما سەرەکییەکانی دڵسۆزی و دەستپاکی و جددیەت لە کاری ڕێکخراوەیی و خێرخوازیداو، پرەنسیپ و بەها سالاری لە سیاسەتدا، یەکگرتوویی لە هەڵوێستداو، گرەوکردن لەسەر کارتەکانی ناوەوە. . دەیگەیەنێتە ئەو پێگەیەی کە وەك بومەلەرزەیەك جیهان بهەژێنێ.

لە دنیادا وا باوە کە دوو گەل زۆر زیرەك و حەکیمن، چونکە دووگەلی گەڕیدەی دنیان، ئەم هەردوو گەلەش هەردووکیان رەشبەخت بوون، یەکێکیان لە قوڵایی مێژووەوە تا نیوەی سەدەی بیستەم، ئەوی تریشیان لە نیوەی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستاو تا داهاتوویەکی دووریش، کە ئەوانیش گەلانی (ئیسرائیل و فەلەستین) ن، بۆیە دەکرێ لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرەوەدا ئەو ڕاستیە ببینین کەوا دەرەنجامەکان زۆر بە ئاسایی لای فەلەستینیەکان و بە تایبەت جەماوەری (فەتح) وە قبوڵ کراو، بەمەش هەموو فەلەستینیەکان لاپەڕەیەکی نوێیان هەڵدایەوە.

حەماسیش ئەگەر وردترو بە گوتارێکی جیاواز لەوەی سەردەمی ئۆپۆزسیۆنی، فەلەستین و جیهان نەدوێنێ ئەوا لەگەڵ خۆیدا هەموو فەلەستنیش ناچار بە دۆڕانێکی مێژوویی دەکات، خۆ ئەگەر توانی بە (دان) ێکی بچووك (سەندن) ێکی گەورە بۆگەلی فەلەستین دابین بکات، ئەوا دەیسەلمێنێ کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ئەو ڕەوتەی کە جێگەی ئومێدی گەلانی ئەو ناوچەیەن بۆ دروستکردنی مێژوویەکی نوێ.